بڕیاری ئەمریکا ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی لە ئێران دەکات



ئەمریکا هێزی دەریایی لە یابانەوە جوڵاند و دیپلۆمات بە شیوەیەکی خاو بە خاو گەروی هورمز کۆنتڕۆڵ بکات و هێزی وشکانی دابەزێنێتە گەروەکە، بە ئەو مەبەستەش وەزیری جەنگی بڕیاری داوە کە کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی "یو ئێس ئێس تریپۆلی" بۆ ناوچەکە جوڵێنێت.

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جەرنال لە زاری بەرپرسانی ئەمریکییەوە باویکردەوە، پێنتاگۆن هێزی زیاتری مارینز و کەشتی جەنگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنێرێت، ئەمەش لە ئەنجامی پێرسەندنی هێرشکانی ئێران لە گەروی هورمز.

ئاماژەی بۆشکرد، پیت هیگسسی وەزیری جەنگ ڕازامەندی دەربڕی لەسەر داوایەکی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (سەنتکۆم) بۆ ناردنی گروپێکی دەریایی-زەمینی و یەکەیەکی گیانی سەر بە مارینز، کە بەزیاتری لە چەند کەشتییەکی جەنگی و پێنج هەزار سەربازی مارینز پێکدێت.

بەگوترەی ڕۆژنامە ئەمریکییەکە، کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی "یو ئێس ئێس تریپۆلی" کە لە ژاپۆن

جەنگیر بو، لەگەڵ هێزەکانی مارینزی سەر بە کەشتییەکە ئێستا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێکەوتون.

ئەو جگە لەوەی هێزەکانی مارینز ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەن بۆ پشتگیریکردنی ئۆپەراسیۆنەکە دژی ئێران.

ئەڵایەکی دیکەو بەرپرسێکی بەرگریی ئەمریکا بە کەناڵی جزیرەی ڤاگیاندو، هێزێکی مارینز لە ئۆکیناوای ژاپۆن، بۆ پشتگیریکردن لە ئۆپەراسیۆنی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەنگیر دەکرێن.

دەشڵێت، "هێزەکە لە دو هەزار 500 سەرباز پێکدێت و چەندین کەشتییان لەگەڵ دەبەت، هەروەها توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گواستنەوەی هاوڵاتییان و دابەزینی دەریاییان هەیە".